قوباد تاڵەبانی: پەیوەندییەکانی هەرێم و ژاپۆن گەشەی زیاتری پێبدرێت

قوباد تاڵەبانی، جێگری سەرۆکوەزیران پێشوازیکرد لە ئێکیرا ئیندێ، باڵیۆزی نوێی ژاپۆن لە عێراق و لە کبوونەوەی نێوانیاندا لەبارەی چێنیەتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان ژاپۆن و هەرێمی کوردستان و چەند پرسێکی دیکەی جێی بایەخی هەردوولا گفتوگۆکرا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوێکی نوسینگەی ڕۆژنامەوانی قوباد تاڵەبانی لە کبوونەوەکەدا کە ڕۆژی چوارشەمە(26/2/2025) بە ئامادەبوونی ئەراکاوا میکیهیرە، کونسوڵی گشتیی ژاپۆن لە هەرێم بەڕێوەچوو، قوباد تاڵەبانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە باڵیۆزی نوێی ژاپۆن کرد و هیوای خواست لە ماوەی ئەرکەکەیدا لە عێراق، پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتی ژاپۆن بەرەوپێشچوونی زیاتر بخەیەوە ببینێت. هاوکات بەبەنێی کۆتاییهاتنی ئەرکەکەی لە هەرێم، ماڵئاوایی لە کونسوڵی گشتیی ژاپۆن کرد و هیوای سەرکەوتنی بە خواست لە ئەرکی داهاتوویدا.

جێگری سەرۆکوەزیران سوپاسی حکومەتی ژاپۆنی کرد بە هەموو هاوکارییەکانی لە هەرێمی کوردستان، بە تایبەتیش جێبەجێکردنی پڕۆژەی ئاوی هەڵەبجە و یارمەتیدانی مێزخانەی سلێمانی و گەڕاندنەوەی کەمێک شوێنەواری مێژوویی بە مێزخانەی سلێمانی.

لە کەبوونەوەکەدا هەردوولا جەختیان کردەوە لەسەر پەویستیی پەرەپەدانی پەیوەندییەکانی نێوان هەرەم و وەاتی ژاپۆن لە بوارە جیاوازەکاندا، لەم چوارچێوەیەدا قوباد تاەبانی داوای کرد حکومەتی ژاپۆن لە پەرەپەدانی تواناکانی گەنجان لە بوارەکانی تەکنەلەژیا و کارسازییەوە هاوکاری هەرەمی کوردستان بکات.